
تصوير ابو عبدالرحمن الكردي
دارستانەکە
١
کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵان
پەرەخان
هاوڕێی ئەستێرەکانە
دانانی: واریسی ئەلکندی
وەرگێڕانی: سەرگوڵ عیزەت مستەفا
دیزاین و جێبەجێکردن: کۆمپانیای نوور

دارستانەکە
1
کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵان

پەرەخان

هاوڕێی ئەستێرەکان



ناوی کتێب: پەرەخان هاوڕێی ئەستێرەکانە
دانانی: واریسی ئەلکندی
وەرگێڕانی: سەرگوڵ عیزەت مستەفا
هەڵەچن: ڕەووف مەلایی
بڵاوکراوەی: بوراق بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
دیزاین و جێبەجێکردن: کۆمپانیای نوور
نیگار: فیردۆس مونعیم
ڕەنگی ژمارەیی: مەلیحە حەسەن
سەرپەرشتی هونەریی: محەمەد ئەلقاسمی
تیراژ: ٥٠٠٠ دانە
ISBN: ٩٧٨-٩٦٤-١٩٢-٢٤٤-٢
چاپی یەکەم ٢٠١١



ژمارەی سپاردن بە دەزگای کتێب و بەڵگەنامەکان- بەغدا (١٤٠٧)ساڵی ٢٠٠٩
Web site: www.alburagh.com E-mail: Info@alburagh.com

دەزگای بوراق
بۆ رۆشنبیریی منداڵان
www.alburagh.com
شەمیم سنە

لە شـەوێکی مانگەشـەوی خۆشـدا، پەڵە هەورەکان بە ئاسـمانی پڕ لە ئەسـتێرەی گەشـەوە دەبزوان، چەند ئەستێرەیەکی بچووک لە نێوان هەورەوە پێدەکەنی و بە هێمنی دەیدواندن و ڕاسپاردەی ئەوەی دەکردن کە لەسەرخۆ یاری بکەن و غەڵبە غەڵب نەکەن تا خەڵک بێزار نەبن و خەویان لێبکەوێ، پەرەخان ویسـتی لە پەنجەرەکەوە چاوی بەم دیمەنە جوانە زاخاو بدات، هەر بۆیە بووکە شووشەکەی (نەر) لەسەر کورسییەکەی بەرامبەر بە پەنجەرەکە دانیشـت، پەرە بە نەرەی گوت.. ئەم مانگە هاوڕێمە و پێش چەند ڕۆژێک دوو ئەسـتێرەی بچووکی پێشکەش کردم و ئێستا لە ناو چاومدا دەبریسکێتەو... وتی: پەرە ئـەم دوو ئەسـتێرەیەت پێشـکەش دەکەم، کاتێک لە ئاوێنەدا سـەیری خـۆت بکەیت، لـە یادت نەچم.



پەرە ئەو دوو ئەستێرە بریسکەدارەی نێو چاوی خۆش دەوێ، کە دەنوێت لـە خەویدا بە ئاسـمانەوە دەفـڕی و یاری لەگەڵ مانگ و ئەسـتێرەکان دەکات، بەم جۆرە پەرە هەمیشە دڵشاد و بەختەوەرە...

بەڵام لەم ڕۆژانەدا پەرە نارەحەتە چونکە برایەکی بچووکی بەسەر هاتووە، هەر بۆیە هەسـت بە تەنهایی دەکات، ئەوەتا دایک و باوکی بایەخ بەو بچکۆلەیە دەدەن، ئەویش وا دەزانێ کە ئەویان زیاتر خۆشدەوێ، ئەوەتـا لـە بـەر خۆیـەوە دەڵـێ خۆزگـە ئـەم بچکۆلەیـە نەهاتبایەتە دنیاوە...





ئەڵبەتە پەرە هەموو شەوێک خۆی و نەرەی بووکە شووشەکەی لە بەردەم پەنجەرەکەدا دادەنیشت و سڵاوی لەمانگ و ئەستێرەکان دەکرد. لە مانگی دەپرسی: بۆ لەم ڕۆژانەدا باریک و کەوانەیی بویتەوە..

ئەوەتا لاواز بویت و یەک شەوەیت، پاش ئەوەی مانگی چواردە بوویت؟ ئایا وەک من خەمناکی، چونکە باوک و دایکت منالێکی بچوکیان بووە... مانگ وەڵامی پرسیارەکەی پەرە دەداتەوە و دەڵێ:

نەخێر پەرەخان تەنانەت قسەکەت ڕاست نییە.. من لە سەرەتای هەر مانگێکدا وەک کەوانە دەردەکەوم، ئینجا تۆزە تۆزە گەورە دەبم، دەبم بەمانگی تەواو.

پەرەخان باوک ودایکت تۆیان خۆشدەوێ و قسەکانت لە خەیاڵی خۆتدایە، پەرە گوێی لە وەڵامی مانگ نەبوو، وتی: قسەکانت ڕاست نیین.



ڕۆژێکیان پەرە لە ژوورەکەیدا لەگەڵ نەرەی بووکە شووشەیدا یاری دەکرد، لەو کاتەدا دایکی خۆی کرد بە ژوردا و وتی: ئازیزم پەرە ئایا دەتوانی ئاگات لە برا بچوکەکەت بێ؟ چونکە ئەمڕۆ تووشی هەڵامەت بووم و بە کاری ماڵەوە خەریکم..

پەرە بە دڵتەنگییەوە وتی: نەخێر برای بچوکم ناوێ، تەنانەت ئەویش نازانێ یاری بکات یان قسەم لە گەڵ بکات...

دایکی لە وەڵامی پەرە دڵتەنگ بوو، لە ژورەکە دەرچوو..

ئێواران پەرە دەیڕوانییە
مانگ و ئەستێرەکان و
ئەیدوانن، بەڵام ئەو ئێوارێیە
مانگ و ئەستێرەکان زۆر
غەمبار بوون و نەیدین،
پەرە لەبەر خۆیەوە وتی:
ئاخۆ مانگ و ئەستێرەکان بۆ
کوێ چوون؟! پەنجەرەکەی
بە جێهێشت و لە سەر
جێگاکەی پاڵکەوت و بڕیاری
دا سبەینێ لەگەڵ دوو
ئەستێرەکەی ناوچاوی قسە
بکات و پرسیاری مانگ و
ئەستێرەکانی لێ بکات...
کاتێک بەیانی هەڵساو
دەموچای شت و ڕووی
کردە ئاوێنەکە دوو ئەستێرە
بچوکەکە لە چاویدا بەدی
نەکرد، ئەڵبەتە ئەمە زۆر
غەمباری کرد.









پەرە لە جێگاکەیدا و لە ژێر سەرین و سەر زەوی و لە نێوان بووکە شووشەکانیدا بە بێ ئەنجام بۆ دوو ئەستێرەکە گەڕا، دایکە نەخۆشەکەی هاتە ژووری و سەیری کرد، هەموو شتێک بەو ناوەدا بڵاو بۆتەوە و جلەکانی پەرە پیسن..



دایکە وتی: ئازیزم پەرە گەر تۆ یارمەتیم نەدەیت لە کاروباری ماڵدا و تەنانەت ژوورەکەشت بەم جۆرە بڵاو بکەیتەوە، ئەرکم زیاتر دەکەیت، دەسا هەڵسە و چاودێری براکەت بکە تا من دەرمانەکەم دەخۆم وکارەکان ئەنجام دەدەم... پەرە گوێی نەدایە قسەکانی دایکی ... دایکە دەرمانەکەی خوارد و دەستی کرد بە پاک کردنەوەی ناوماڵ، ئەڵبەتە بچوکەکەشی هەر بە باوەشەوە بوو.. پەرە تەنها بیری لەخۆی دەکردەوە و عەودالی دۆزینەوەی دوو ئەستێرەکەی بوو...



کاتێک ئێواره داهاتەوە، پەره لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتەوە مانگ و ئەستێرەکانی دی، هەستی بەخۆشی کرد و پرسیاری لە مانگ کرد، ئایا ئەستێرەکانت دیوە؟ مانگە لە ئاسماندا گەڕا بە شوێن ئەستێرەکانی پەرەدا بەڵام بێسود بوو، ئینجا لە پەرەی پرسی کەی دوو ئەستێرەکەت ون کرد؟ پەره وتی: لەو کاتەوەی کە دایکم وتی نەخۆشم و یارمەتی تۆم دەوێ کە بایەخ بە بچکۆلەکە بدەم منیش رازی نەبووم چونکە ئەو بچکۆلەیەم خۆش ناوێ..

مانگ دڵزویر بوو، خۆی لەنێوان هەوردا شاردەوەو بە بێدەنگی خۆی دەردەخست و ئینجا گوتی: من ئەو منداڵانەم خۆش ناوێ کە یارمەتی دایک و باوکیان نەدەن و جارێکی‌تر خۆی و ئەستێرەکان خۆیان شاردەوە..

پـەرە کەوتــە بانگەواز لێکردنــی مانگ و ئەســتێرەکان. بــەڵام وەڵامیان نەدایەوە. خەمبار بوو چونکە هیچ هاوڕێیەکی نەماو، بە تەنها مایەوە هەر بۆیــە بیری کــردەوە و وتی: قســەکانی مانگ زۆر بەجێــن، چونکە من منداڵێکی گوێ ڕایەڵ نیم، هەر بۆیە هەر دوو ئەســتێرەکانی نێــو چــاوم و مانــگ و ئــە ســتێرەکانیترم لێ زویر بوون وا هەموویان خۆیان شاردەوە.



دەبێ ئەو هەڵەیە ڕاست کەمەوە، تا هاوڕێکانم بگەڕێنەوە، پەرە چووە لای دایکی سەیری کرد نووستووە و گیانی زۆر گەرمە، برا بچووکەکەی لە بێشکەکەیدا دەگری... خێرا جامی ئاوی سارد و پارچە قوماشێکی پاکی ئامادە کرد و لە ئاوە ساردەکەی هەڵکێشا و خستیە سەر ناوچەوانی دایکی تا تاکەی ئەهوەن کاتەوە، ئەوەی چەند جارێک دووبارە کردەوە، دایکی چاوی هەڵبڕی. بەر بەرە تاکەی سووک بۆوە، دایکی وتی: ئازیزم پەرە سوپاس بۆ یارمەتیکەت، پەرە بزەیەکی کرد و بە شەرمەوە وتی: من هەڵە بووم دایکە، چونکە وامدەزانی تۆ و باوکم برا بچووکەکەمتان زیاتر خۆش دەوێ و هەستم بە ئیرەیی دەکرد، ئینجا دەرمانەکانی دا بە دایکی..



دایکە وتی: بەو جۆرە بیر مەکەرەوە، ئێستا گەورەیت، من و باوکت براکەتمان وەک تۆ خۆش دەوێ و جیاوازی ناکەین لە نێوانتاندا، بەڵام بچووکەکە ناتوانێ قسە بکات و بڕوات و پێویستی بە چاودێری زیاترە ئازیزم.

پەرە بە شەرمەوە بزەیەک گرتی و باوەشی بە دایکیدا کردو و ماچی کرد.



پەرە لەگەڵ براکەیدا یاری کرد و بێشکەکەی ڕاژەن و سرودێکی بۆ خوێندەوە، سەیری دەموچاوی کرد، جوان بوو.. بچکۆل پێدەکەنی و ئغەئغەی دەکرد و پەنجەی گرت.. هەر بۆیە پەرە سەری دانا و ویستی ماچی بکات، ئا لەو کاتەدا هەر دوو ئەستێرەکەی لە چاویدا بەدی کرد. زۆر خۆشحاڵبوو، گرتییە باوەش و ماچی کرد و بردییە لای پەنجەرەکەوە تا بە مانگ و ئەستێرەکان بڵێ هەر دوو ئەستێرەکەی لە نێو چاوی برا ئازیزەکەی دایە..





ئەمە لەبەر کە

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ

گومان نەکردن لەپتەوی پەرستنەوەیە

لەم چیرۆکە خۆشەدا پەرەمان ناسی... ئەو کچکۆلە جوانە کە گومانی لە دایک وباوکی دەکرد، گوایە لە دایکبووە تازەکەیان خۆشتر دەوێ و لە ئەنجامدا زانی کە هەڵەیە و دایک و باوکی وەک جاران خۆشیان دەوێ. هاوڕێیان با لەم چیرۆکەوە فێربین و بە خراپە گومان لەکەس نەکەین







پەرەخان

شوێنی ئەو چوار پارچەیە بزانە کە لەخوارەوە دانراون و ژمارەکانیان بخەرە ناو ئەو بازنانەوە..

دارستانەکە
١
کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵان







شەمیم سنە: سنە - شەقامی شەهیدان - پاسازی ئاویەر -
تەلەفوون: ٠٠٩٨٨٧١٢٢٧٢١١٥
مەکتەبەی برایەتی: هەولێر - شەقامی ئاراس - نزیک بانکی
ئاراس - تەلەفوون: ٠٧٥٠٤٤٧١٧٢٧

شەمیم سنە

www.alburagh.com
Email: info@alburagh.com

دەزگای بوراق
بۆ رۆشنبیریی منداڵان

ژمارەی سپاردن بە دەزگای کتێب و بەڵگەنامەکان- بەغدا (١٤٠٧) ساڵی ٢٠٠٩

9 789641 923442

No.1407